# هەڵەیەکی زمانەوانی " کێشەی PKK و تورکیا"

کاوە ئاهەنگەری

بۆخۆشم کەمێک پێم سەیربوو کە ئەم سەردێرم بۆ ئەم نووسراوە کورتە هەڵبژارد، چوونکی من نە زمانناسم و نە پسپۆڕی باری زمان و وێژە. بەلام جێی خۆیەتی کە ئەم هەڵە نارەوا و زۆر جار مەترسیدارە ئاشکرا قسەی لەسەر بکرێت. مەودایەکە کە تورکیا دەیەوێ بەرەو هەولێر و چاڵەنەوتەکانی کەرکووک وەرێکەوێت و باقی ماجەرا...
ئەوەیکە کە بۆ منی رۆژهەلاتی جێی داخە شێوەی ئاخافتنی کورد و ناکورد بەرامبەر بەم کێشە و ناولێنان و تیتربەندی و دەربڕینی ئەم گرفتەیە. هەرکەس چاوێک بە بلاوکراوەکاندا بخشێنێت جوان بۆ وەدەر دەکەوێ کە هەندێک هەڵەی زمانەوانی و تاکتیکی و ستراتیژیکی لە ئارادایە، جا هەندێکی بەدەست کوردەوە(وەک هەمێشە) و هەندێک لەدەرەوەی بازنەی ئەم کێشەیە و ئەویتریشی بەدەست و زمانی نەیارانی کوردەوە(ئەوەش وەک هەمیشە) دێتە گۆڕێ. هەموومان ئاگاداری رووداوەکانی ئەم دوایانەی نێوان کوردستان و دەوڵەتی تورکیا هەین. لەم نێوەدا چەند شێوەی ئاخافتنی بەم چەشنە دەبێندرێ:

- کێشەی PKK و تورکیا
- کێشەی دەوڵەتی تورکیا و گرووپە تیرۆریستەکان کە بە کێشەی تیرۆڕیزم لە تورکیا باسی لێوەدەکرێت
- کێشەی کورد لە تورکیا
- کێشەی کورد و تورکیا

ئەمانە زۆر بە روونی هەر رۆژ دەکەونە بەرچاو لە بلاوکراوەکان. ئەوەی کە جێگای داخە ئەوەیە کە هەندێک تیتر و شێوە دەربڕێن دەبینین و دەبیسین کە نابێ و ناحەقیشە کە لە لایەن کوردێکەوە بێ بە تایبەت وتەبێژان و وەزیران و کەبیرانی کورد لە باشووری کوردستان.
لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە کام یەک لەم تیترانە بۆ واقعی کێشەکە درووستن بۆوەیکە کە ئێمە وەک کورد کەڵکی لێوەرگرین؟ ئایا رەوایە کوردێک ئەو گرفتانە کە ئێستا بەرۆکی گەلی کوردی گرتووە بە کێشەی حیزبێک پێناسە بکات؟ ئەدی باشە ئەگەر ئەم هەرا و هەڵلا و تۆپ و بۆمبارانە رۆژانەیە تەنیا دەگەرێتەوە سەر بوونی حیزبێک بە نێوی PKK ئەدی دەستێوەردانی تورکیا و وەپاشخستنی وادەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و کەرکووک و ئێراق کوجا مەرحەبا؟ بۆ دەبێ لانیکەم لەم هەلە بێوێنەیەدا( هیچکات دەرفەتێکیی جیهانی ئەوتۆ لا ئاستی میدیادا بۆ کورد نەهاتۆتە ئاراوە) دەسەلاتدارانی کورد، بە تایبەت ، ئەم گرفتە وەک " کێشەی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست" دا نەخەنە بەرباس و لانیکەم لە وتوویژ و چاوپێکەوتن و میدیاکاندا بەم شێوەیە باسی لێوەنەکەن؟ بۆ دەبێ لە کوردێکی بەرپرس بە جێێ ئەوەی کە لە دەرفەتێکی راگەیاندندا کە بۆی دەلوێ، بە جێی ئەوەی کە بە حەق و راست باس لە کێشەی کورد لە تورکیادا (لانیکەم) بکات، دەڵێ کێشەی پ ک ک و تورکیا. ئەوە چ مانایەکی هەیە؟ کەوابوو لێرەدا رەوایی بە ئەرتەشی تورکیا دەدرێ کە گرووپێکی بە تێرۆریست ناسراو ( لە لایەن هاوپەیمانانی جیهانی تورکیا) بە نێوی پ ک ک لەبەین بەرێت و دواتریش ناوی لێدەنێن سەکەوتنی کۆماری سێکۆلاری تورکیا لە لەناوبردنی ئەلقاعیدەی کورداندا، دواتریش دانس و پێکدادانی پێکی شەرابی رۆڵەکانی مستەفا کەماڵ لە مەیدانەکانی

ئەستەمبوولٚ و ئانکارا و تەنانەت پێتەختەکانی زۆر وڵاتانی ئەوروپی. دوێنێ دیتمان کە چون زۆر لاوی تورک لە بروکسێل بە پشتیوانی لە هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان هاتنە نێوشەقامەکان و هەرەشەکردن لە کۆمەڵ و رێکخراوەو تەنانەت چایخانە کوردەکانی شاری بروکسێل.

ئێمە وەک کورد لەسەرمانە :

1- بە هیچ شێوەیەک کێشەی کورد بە حیزبێکەوە نەناسێنین و هیچ حیزبێکی کوردستانیش لە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەورەتر نەکەینەوە.

2- پ ک ک بە تەنیا کێشەی تورکیا نیە و خودی ئەم حیزبەیش تەنیا بەشێکە لە کورد و ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە و بۆتە هەوالێکی سەرەکی هەوڵنێرەکانی جیهان بە " کێشەی کورد" ناودێر بکرێت.

3- من کارم بە نەیاری کورد نیە کە چۆن باسی کورد و کێشەی کورد دەکات، بەلام ئەوەی کە ئەورۆکە لەسەرمانە و پێویست و زەرووره، بە جیهانیکردنی کێشەی کورد و بە کوردستانی کردنی گرفتەکانە.

بلژیک خەزەڵوەری 2707